مجلة كركوكي

مجلة اجتماعية فصلية الكترونية, مهتمة بتعزيز التماسك المجتمعي

عدد (3)

2024/1/22




ضحايا الاغتصاب من الوصمة المجتمعية الى التهميش

صفحة 6

# ئیدارەی تازەی کەرکوک

# چاوەڕێی زۆر شتی لێدەکرێت!

## الادارة الجديدة في كركوك امام جملة من الملفات المهمة والحساسة في المحافظة



جمهورية العراق
محافظة كركوك
مكتب المحافظ

Irak Cumhuriyeti - Kerkük Valiliği
Vali Özel Kalem

کۆماری عێراق
پارێزگای کەرکوك
نووسینگەی پارێزگار

العدد : ٨٠٠٨

التاريخ : ١٩/ ٨/ ٢٠٢٤

(( اربعينية الامام الحسين عليه السلام ... اليوم العراقي للعمل التطوعي ))

إلــى / الدوائـر الرسمية كافة
/ الوحـدات الإدارية كافة
/ مكاتب واقسام ديوان المحافظة
/ الاتحـادات والنقابات كافـة
/ المنظمـات المجـازة كافة

م / اعتماد اللغة التركمانية واللغة السريانية

وجهنا باستخدام اللغة التركمانية والسريانية اضافةً للغة العربية والكوردية في فورما الكتب الرسمية التي تصدر من دوائركم واقسام ديوان المحافظة وجميع الوحدات الإدارية والدوائر الرسمية كافة حرصاً وتأكيداً لهوية كركوك ( التآخي ) وتنوع مكوناتها الكريمة.

لاتخاذ ما يلزم وتنفيذ التوجيه ... مع التقدير .

ريبوار طه مصطفى
محافظ كركوك
٢٠٢٤/٨/١٩

نسخة منه إلى//
- اضبارة الخاصة

٢٠٢٤/٨/١٩

E-mail: office@kirkuk.gov.iq www.kirkuk.gov.iq NOOR

## الى جانب الكوردية والعربية...

## اللغات التركمانية والسريانية لغات رسمية في كركوك



# کەرکوکییەکان چاوەڕێی زۆر شتت لێدەکەن

## نامەی چالاکوانێك بۆ کاك ڕێبوار تەها !

**جەنابی پارێزگاری تازەی کەرکوك بەڕێز ڕێبوار تەها، سەرەتا پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەم بە بۆنەی دەستبەکاربوونتان وەك پارێزگاری نوێی شاری کەرکوك و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.جەنابتان جگە لە متمانەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك پێشووتر متمانەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوکتان وەرگرتووە لە بوونتان بە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا و پێشووتریش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کەرکوکییەکان چاوەڕێیی زۆر شتت لێدەکەن.**

-پارێزگارێك بیت،پێش ئەوەی کورد بیت،پێویستە تورکمان و ئەوجا عەرەب و دوای ئەویش کلدو ئاشور و سریان بیت.پێش ئەوەی موسڵمان بیت،پێویستە کاکەیی و کریستیان و سابیئە وئەوانی دیکە بیت..پێش ئەوەی سونە بیت،دەبێت شیعە بیت.

-پارێزگارێك بیت،پێش ئەوەی یەکێتی بیت،دەبێت پارتی و بەرەی تورکمانی و حزبە عەرەبی و کریستیانییەکان بیت..
-پارێزگارێك بیت،پێش ئەوەی کار بۆ ئەوانە بکەیت کە دەنگیان پێداویت نوێنەری ئەوانەی بیت کە دەنگیان پێنەداوی..

-پارێزگارێك بیت،پێش ئەوەی بۆ ڕەحیماوەو شۆرجە و ئیسکان و تەپە کاربکەیت،پێویستە بۆ موسەڵاو شاترلوو و ڕێگەی بەغدا و تسعین ویەکی حوزەیران ئیش بکەیت.
پارێزگارێك بیت،پێش ئەوەی بۆ قەرەهەنجیر و شوان وپردێ خزمەتگوزاری ببەیت، بۆ تازەخورماتوو،حەویجە و ڕیازبیبە.
-پارێزگارێك بە،بڕۆ سەردانی ئەو حزبانە بکە کە لە کەرکوك هەن گوێیان لێبگرە بزانە بەرنامەیان چیە بۆ کەرکوك،ئەوەی دەکرێت و باشە جێبەجێی بکەن..لەناوخەڵك بگرە،خەڵك پێویستی هەیە.

-پارێزگارێك بە،کەرکوك جوان کە..ئاوەدانی بکە...ڕێگەو بانەکان پڕ لەدارو درەخت بکە.

-کارەبای کەرکوك باشتر بکە،مولیدەی ئەهلی و پارەدانی و کارکردنیان و جۆری موەلیدەکانیان ڕێکبخە.

-خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان ئاوو کارەبا و ڕێگەوبان و خاوێنکردنەوە و تەندروستی پێویستیان بەکاری جددی هەیە و بە بێ جیاوازی کاری لەسەر بکرێت.

-پڕۆژەکانی خێزانی دەگمەنن لەکەرکوك،پێویستی بە سەدان پڕۆژە هەیە قۆڵی لێهەڵما...پێم وایە لانی کەم دەکرێ لە پردێ و قەرەهەنجیر دەیان پڕۆژەی گەشتوگوزاریش وەکاربخەن.

-هەزاران دەرچووی گەنجی کەرکوك لە هەموو پێکهاتەکان بێکارن پێویستیان بەدامەزراندنە،بە دواداچوون بۆ داواکارییەکانیان بە خێرایی گرنگە..وەگڕخستنی پڕۆژەکانی شارەکە دەرفەتێکی باشیشە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.

-نەهێشتنی دیاردەی بەرتیل لەفەرمانگەکان...سزادانی گەندەڵکاران و ڕێگری لەدەربازبوونیان لەسزا پێویستە.
-هەوڵدان لە بەغدا بۆ ئەوەی کەرکوکیش وەکو پارێزگاکانی دیکە سەڵاحیەتەکانی بەپێی یاسای پێدانی سەڵاحیاتی عێراقی بە پارێزگاکان وەربگرێتەوە و کۆتایی بەو ڕەوشە ناهەموارە بهێنرێت کە لەکەرکوکدا هەبوو.

-پاڵپشتی کردنی میدیا و پاراستنی ئازادی کاری میدیا و فراوانکردنی دەستپێشخەری و پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەماهەنگی و بەشداری لەگەڵیان بەبێ جیاوازی و گوێگرتن لە پێشنیار وداواکانیان...پاراستنی ئازادی کاری میدیا و ڕێکخراوەیی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ گرنگن بەقەد گرنگی هەموو ئەوانی پێشوو.



# كركوكي

مجلة اجتماعية فصلية الكترونية, مهتمة بتعزيز التماسك المجتمعي
عدد (3)
2024/8/22

هذه المجلة تابعة لمشروع مبادرة مشتركة للعمل الديني الاستراتيجي - جسرا، وهي تحظى بالدعم من منظمة هولندية. يهدف المشروع إلى بناء مجتمع متماسك ومتسامح بين جميع مكونات المجتمع. تُصدر المجلة بصفة فصلية، وتتضمن أنشطة المشروع وقصص النجاح، بالإضافة إلى مقابلات حول أهمية تماسك الاجتماعي.»

حقوق النشر محفظة لمنظمة السلام والحرية
2024

**صاحب الامتياز**
منظمة السلام والحرية

**رئيس التحرير**
سالار احمد

**المساهمون في هذا العدد**
هوزان حسن
نازە سەعید
ئارام کریم
گەشاو خالید
هوشمەند مەحمود کاکەیی

**مصمم**
عفان احمد

الموقع الالكتروني
WWW.PFO-KU.ORG

الائيميل
KARKUKY@PFO-KU.ORG

# پارێزگاری کەرکوک هەڵبژێردرا

## مافی هەموو پێکهاتەکان مسۆگەر کراوە

**ڕۆژی ١٠ی ئابی ٢٠٢٤ لە هوتێل ڕەشیدی شاری بەغدا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە بەشداری نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٥) نوێنەر ، نیوەی کورسییەکانی پێکهاتەی عەرەبی (٣) کورسی و نوێنەری کریستیانەکانی کەرکوک(١) نوێنەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجام درا ، کە تیایدا ڕێبوار تەها پاڵێوراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پارێزگاری کەرکوک هەڵبژێردرا و محەمەد حافز بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کەرکوک و ئیبراهیم تمیمی جێگری پارێزگار لە پێکهاتەی عەرەب هەڵبژێردرا. لەکۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان(٢) کورسی، بەشێك لە نوێنەرانی پێکهاتەی عەرەبی (٣) کورسی و نوێنەرانی بەرەی تورکمانی (٢) کورسی بەشدارنەبوون. بەشدارنەبووەکانی چەند ڕۆژێك پێشووتر لە هاوینەهەواری پیرمام لە پارێزگای هەولێر کۆببوونەوە.چاوەڕوانیش دەکرا کە ئەوان بتوانن زۆرینە پێکبهێنن و حکوومەتی ناوخۆیی پارێزگای کەرکوک دروست بکەن.**

پێکهێنانی حکومەتی ناوخۆیی کەرکوک دوای ململانێ و ناکۆکییەکی زۆر هات لەنێوان نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتەکان.تەنانەت کەرکوك دوا پارێزگابوو کە حکوومەتی ناوخۆیی پێکبهێنێت.لە کەش و هەوایەکدا کە تیایدا نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکان دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا.ئەوەش لە دوای ئەوەی هەوڵەکانی سوودانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوخۆیی هاوبەش لەکەرکوك سەرکەوتوو نەبوو.




لەگەڵ دەست بەکاربوونی پارێزگاری نوێی کەرکوك ئەو لایەنانەی تورکمانی و عەرەبی کە بەشدارنەبوون لە ڕێککەوتنامەکەی پێکهێنانی حکوومەتی ناوخۆیی کەرکوك لەبەردەم پارێزگا کۆبوونەوە و ناڕەزاییان بەرامبەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی کەرکوك دەربڕی. میدیای عێراقی و کوردستانیش بەسەر دووبەرەدا دابەش بوون ،بەرەیەکیان پشتگیری و ئەوی دیکە دژایەتی دەکەن.لەئاستی جەماوەریش ڕای جیاجیا هەیە و هەندێك پێیان وایە گرنگ بوو کە حکومەتی ناوخۆیی کەرکوك پێکهات و هیچی دیکە بە وەکالەت پارێزگاکە بەڕێوەنابرێت.
سەرۆك کۆماری عێراق لەلای خۆیەوە ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠٢٤ فەرمانی سەرۆکایەتی دەرکرد بۆ دەستبەکاربوونی ڕێبوار تەها و ڕۆژی دواتری پارێزگاری نوێ لە دادگای کەرکوك سوێندی یاسایی خوارد.لەگەڵ دەستبەکاربونیشیدا یەکەم کاری پارێزگاری نوێ ئەوە بوو راکان جبوری پارێزگاری پێشووی بەوەکالەت خانەنشین کرد.

پێکهێنانی حکوومەتی نوێی کەرکوك لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا بووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ بەشێك لە نوێنەرانی عەرەب کەرکوك و کریستیانەکان کردوویانە تیایدا پۆستی پارێزگار بە نۆبەی نێوان کورد و عەرەب دەبێت و لەبەارمبەردا چەندین پۆستی دیکە بە پێکهاتەی عەرەب و تورکمان دراوەو بە پێی لێدوانی بەرپرسانی نوێی پارێزگاکە بێت مافەکانی تورکمان مسۆگەر کراوە هەرچەندە تا ئێستا وەریاننەگرتووەو،بە پێی هەواڵەکان لە کۆبوونەوەکەی هوتێل ڕەشید لە بەغدا نوێنەری پێکهاتەی تورکمانی شیعەی کەرکوك لە پەرلەمانی عێراق بەشداربووەو ڕازیبوون بە ڕێککەوتنامەکەو پیرۆزباییان کردووە.

ڕۆژی ٢٠ی ئابی ٢٠٢٤ دادگای فیدراڵی عێراقیش داوایەکی لایەنە ناڕازییەکانی کەرکوکی ڕەتکردەوە کە داوایانکردبوو بەپەلە ئەنجامی کۆبوونەوەکەی هوتێل ڕەشید بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك رابگرێت.بەوەی کە هیچ سیفەتێکی بە پەلیی تێدا نیە.
هاوڵاتیانی شاری کەرکوك بەلایانەوە گرنگە سەقامگیری شارەکەیان بپارێزرێت..خزمەتگوزاری بە بێ جیاوازی بۆ هەمووان دابینبکرێت...هەموو لایەن و پێکهاتەکانیش بە ئاشتی و ئارامی درێژە بە پێکەوەژیانی سەدان ساڵەی خۆیان بدەن.

# المحكمة الاتحادية في العراق ترفض إصدار أمر ولائي ضد جلسة انتخاب محافظ كركوك

**ردّت المحكمة الاتحادية العليا في العراق، طلباً لإصدار أمر ولائي قُدّم من قبل بعض أعضاء مجلس محافظة كركوك ضد الجلسة التي عقدها المجلس وانتخب خلالها محافظ كركوك ورئيس مجلس المحافظة.**

وقالت المحكمة الاتحادية في قرارها برد الطعن: إن مقدّمي الطعن طالبوا بإصدار أمر ولائي لإيقاف تنفيذ إجراءات جلسة مجلس محافظة كركوك التي عقدت بتاريخ ٢٠٢٤/٨/١٠ وما ترتب عليها من انتخاب محافظ كركوك ورئيس مجلس المحافظة.

وقالت المحكمة: «إن رفض إصدار الأمر الولائي جاء لسببين الأول انتفاء صفة الاستعجال فيه، والثاني يكمن بأن البت فيه يعني الدخول في أصل الحق وإعطاء رأي مسبق بالدعوى المقامة أمام هذه المحكمة، واستناداً لما تقدم فقد قررت المحكمة الاتحادية العليا رفض الطلب».

ورغم رد المحكمة لاصدار الامر الولائي،لكن المعترضون على نتائج جلسة فندق الرشيد ينتظروا من المحكمة الاتحادية والجهود السياسية ان تنبثق حكومة محلية اكثر انسجاما واكثر قبولا من جميع مكونات محافظة كركوك.

يذكر ان نتائج الانتخابات التي جرت في نهاية شهر كانون الثاني ٢٠٢٣ لمجالس المحافظات انتجت خارطة سياسية جديدة في كركوك حيث لايتمكن ان جهة سياسية من تشكيل الحكومة المحلية ولا القانون الانتخابي يسمح بذلك.حيث كانت نتائج الانتخابات للعدد الكلي لاعضاء مجلس المحافظة (١٥ مقعد هعام + مقعد للمكون المسيحي)كما يلي:

**الاتحاد الوطني الكوردستاني: ٥ مقاعد**
**التحالف العربي: ٣ مقاعد**
**الجبهة التركمانية: ٢ مقعد**
**الحزب الديمقراطي الكوردستاني: ٢ مقعد**
**تحالف القيادة: ٢ مقعد**
**تحالف العروبة: ١ مقعد**
**بابليون: ١ مقعد**



# ضحايا الاغتصاب من الوصمة المجتمعية الى التهميش

**قد يختلف تعريف الاغتصاب والاعتداء الجنسي من بلدٍ إلى آخر، كما وقد تُطرح مُصطلحات مُتعدّدة فيما يختصُّ بالشّؤون القضائيّة لاعتباراتٍ خاصّةٍ بقوانين كلِّ دولةٍ. إلّا أنّه من ناحيةٍ طبيّةٍ يُمكن وصف الاغتصاب والاعتداء الجنسي بأنّه إلحاق الأذى والضّرر الجسدي والنّفسي والمعنوي بالضّحية عن طريق مُمارسة الجنس قهراً من جانب المُعتدي، وقد يتمُّ تنفيذ الفعل بالقوّة البدنيّة أو الإكراه أو إساءة استخدام السّلطة أو ضدّ شخص غير قادرٍ على إعطاء موافقةٍ صحيحةٍ، مثل الشّخص الذي هو فاقد الوعي) أو عاجز أو لديه إعاقة ذهنيّة أو أقلّ من السنِّ القانونيّة للموافقة. ويُستخدم مُصطلح الاغتصاب في بعض الأحيان بالتّبادل مع مصطلح الاعتداء الجنسيّ. ويقع على الجنسين الذكور والإناث .**

## اشكال وانواع الاغتصاب

تختلف اشكال وانواع الاغتصاب بحسب الحالة الذي يحدث فيها ومن خلال هوية الضحية او خصائصها وبهوية خصائص مرتكب الجريمة. منها الاغتصاب الزوجي واغتصاب الاطفال والاغتصاب القانوني واغتصاب الحرب واغتصاب السجون والى اخره لكن ما سنتخصص فيه بهذا التقرير هو مصطلح «تاريخ الاغتصاب» للإشارة إلى عدة أنواع من الاغتصاب، وعلى نطاق واسع يكون المغتصب شخص يعرف االضحية الضحية وتساعد المخدرات على الاعتداء الجنسي، حيث يقوم المغتصب بتخدير الضحية وسلب إرادتها عن عمد بحيث تكون عاجزة عن المقاومة ويمكن ان يحدث بين شخصين يعرف كل منهما الاخر عادة في المواقف الاجتماعية .وبالأخص اغتصاب الذكر للأنثى وطريقة معاقبته في القانون العراقي.

## القانون العراقي وجريمة الاغتصاب

يوضح المحامي هيمن عباس محامي في محكمة كركوك القوانين والمواد التي تخص جريمة الاغتصاب ومن ضمنها المادة التي اثارت الجدل في السنوات الماضية وهي المادة ٣٩٨ والتي تنص على «من قانون العقوبات العراقي (اذا عقد زواج صحيح بين مرتكب احدى الجرائم الواردة في هذا الفصل وبين المجنى عليها عد ذلك عذراً قانونياً مخففاً لغرض تطبيق احكام المادتين (١٣٠و١٣١) عقوبات ,واذا انتهى هذا الزواج بطلاق صادر من الزوج بغير سبب مشروع او بطلاق حكمت به المحكمة لأسباب تتعلق بخطأ الزوج او سوء تصرفه وذلك قبل انقضاء ثلاث سنوات على الحكم في الدعوى يعاد النظر بالعقوبة لتشديدها بطلب من الادعاء العام او المجنى عليه او من كل ذي مصلحة.

يوضح هيمن ان المادة والقانون شرع في عام ١٩٦٩ ربما رأى المشرع في حينها ان اكبر المشاكل التي ستواجه الضحية هو وجود احتمال عدم زواجها مرة اخرى وبهذه المادة تم حل المشكلة الاساسية والتستر على «الفضيحة» وبالأخص للعذراء او في حالة حدوث حمل لتأكيد نسب الطفل وأيضا لسلامة الضحية من القتل باسم «غسل العار» ويؤكد ان الجاني بزواجه من المجنى عليه لاتسقط عليه الحكم وانما تخفف وأن الضحية لها الحق في القبول أو الرفض وفي حال كانت قاصرة يحق لولي امرها القرار. واجاب على سؤال في حال صادف اي قضية من هذا النوع في المحاكم اثناء فترة عمله اكد انه لم يصادف هكذا حالات لان الجلسات تكون سرية حفاظا على خصوصية الضحية وان اغلبها لا تصل الى المحكمة بل يتم حلها عشائريا سواء



بتزويج الضحية من الجاني او للاسف قتلها من قبل ذويها. ويؤكد هيمن ان القوانين والتشريعات يجب ان تواكب العصر وفي عام ٢٠٢٤ لا يمكن ان نحصر المشكلة في عدم زواج الضحية وجرائم غسل العار يجب النظر الى الحالة النفسية للضحية وحمايتها بطرق اخرى

**هوزان حسن - كركوك**

ويشير ان رفع الدعوى في حال تعرض لهكذا جريمة يتطلب تقرير من المستشفى تؤكد وقوع الاغتصاب سواء على الذكر او الانثى.

بخصوص تثبيت وقوع جريمة الاغتصاب طبياً تواصلنا مع الطبيبة هاوناز بهاءالدين طبيبة في مستشفى الازادي التعليمي في محافظة كركوك. وضحت هاوناز عند طلب اي حالة اثبات تعرضها للاغتصاب بتقرير يتم تحولها للجنة طبية مكونه من طبيبتين اختصاص نسائية وطبيب/ة اختصاص طب عدلي ويتم التاكد من وجود نزيف او كدمات على الجسم والمناطق الحساسة والتاكد من غشاء البكارة في حال كانت الحالة عذراء والاغتصاب مهبلي واكدت الطبيبة على ضرورة الفحص في الساعات الاولى بعد الاغتصاب لان صعب التثبيت الحالة في حال تأخر تقديم الطلب واختفاء العلامات ويمكن اعطائها ادوية تمنع حملها . وتؤكد هاوناز طوال عملها في المجال الصحي لم تلتقي باي حالة تطالب بتقرير طبي لرفع دعوى

## الوصمة الاجتماعية على الضحية

تقول الباحثة الاجتماعية والناشطة في حقوق المرأة في محافظة كركوك ايمان حسين ان لا القانون ولا المجتمع بشكل عام انصفت الضحية. تعلق على المادة ٣٩٨ انها ظالمة بكل معنى الكلمة على الضحية الانثى وتقول بسخرية هل لنا ان نتصور ان ذكرا تعرض للاغتصاب ويخير اذا كان يرغب بالعيش مع الجاني او معاقبته و وتقول القانون يكافئ الجاني وما لم تسمح الضحية به سيكفل القانون بممارسته يوميا عليها تؤكد في ظل مجتمع ذكوري لا خيار للضحية في اختيار الزواج او اكمال الدعوى في حين تعرضها لهذا الجريمة تقابل بوصمة عار في المجتمع وليس الدعم والتعاطف .كان على القانون منذ البداية عدم وضع الضحية بين هذا الاختيارين وتؤكد ان القانون وضع باعتباره المجتمع والعشائر وحتى الجاني ولكن تغافل عن الضحية التي هي المحور في القصة.

**هاوسەرگیری پێشوەختە**

# فاکتەری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە ودۆزەخی کچە تازەپێگەیشتووەکان

**(س) کچە دراوسێیەکی نزیکی ماڵمان بوو، ئەو کچێکی تازەهەڵچووی تەمەن ١٣ ساڵ بوو، وەکو هاوڕێ هەمیشە دەردە دڵ و کێشەو گرفتەکانی بۆ باس دەکردم، ڕۆژێک زۆر بە شپرزەیی هاتە لام و بە گریانەوە، بەبێ هیچ پێشەکییەک وتی:**

«من نامەوێ هاوسەرگیری بکەم باوک و دایکم دەیانەوێت بەزۆر بەشووم دەن، زۆرم فشار دەخەنەسەر و لێدەکەن تاکو ڕازی بم بە شووکردن».

کاتێك ویستمان قسە لەگەڵ دایک و باوکی کچەکە بکەین، دایکی بەبیانوی کە کچەکە مەسرەفی زۆرە و بژێو و گوزەرانی ژیانیان باش نییە، بۆیە دەبێت ئەو قورساییە لەسەر شانی ئەوان لابچرت و مچەکەیان هاوسەرگیری بکات، ئەوە بو هەر لەو هەفتەیە مەلایان هێناو لەدەرەوەی دادگا کچەکەیان بەزۆێ بەشوو دا.

بۆیە زۆر ئاسایی بوو دوای ساڵێک کۆمەڵی کێشەو گرفت لە نێوانیان ڕوویدا و کچەکە چەندین جار گەڕایەوە ماڵی باوکی و داوای جیابونەوەی کرد، بەڵام هەموو جار ماڵی باوکی رەتیانکردوە و دەیانوت: «نابێ جیا ببێتەوە».

بەوشێوەیە بەردەوام بوو لەو دۆزەخەی کە دایک و باوک و دابونەریت بۆیان ساز دابوو، تاکو منداڵێکی کچی لێی بوو، بەڵام هەر نەدەگونجان تا گەیشتنە بنبەست و جیابوونەوە.

س بووە بوو بە قوربانی دابونەریت و دۆخی ئابووری ناهەموار.

ئەم بەسەرهستە ڕاستەقینەیە دەرخەری ئەوەیە کە بە زۆر بەشودانی کچ بە تایبەتی لە تەمەنی منداڵی کە پێی دەڵێن ( هاوسەرگیری پێشوەخت ) ئەنجامی هیچ حامی لە کۆتاییەکەی تراژیدیای ( س) باشتر نابێت، ئەوەش ئەزموون و ئامارە ترسناکەکان دەبسەلمێنێت، نەک تەنها بۆچوون.

بە وردی و لەبەر داخراوی کۆمەڵگە، نازانرێت چەند کچی تر لەم تەمەنەدا بە منداڵی دەبنە قوربانی دابونەریتی کومەڵگای ئێمە، بەڵام دیاردەکە لەو دیارانەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە.

ئەو خەونەی کە هەمیشە سەرەتاکەی وەکو شایی و زەماوەندێک و رەوانەکردنی کچ بۆ ماڵی خۆی لای کەسو کارەکەی خۆشی دەبێت، کاتێک کچەکەیان بە شوو دەدەن، بەڵام دواتر بۆ کچەکە دەبێتە دۆزەخ.

نەبونی تێگەیشتن لە لایەن دایک و باوەکەوە و سەرهەڵدانی هەموو ئەم کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری لای خیزان و زۆر جار لای خودی کپەکەش کە نازانێت هاوسەرگیری چییە، تەنها بیرو هۆشی لای بەرگی بوکێنی و تارا سپیەکەیە، بێ ئاگا لەوەی بزانێت ژیانی بەرەو قورس بوون دەڕوات.

بەپێی داتا رەسمییەکان، لە ساڵی ٢٠٢٣ لە عێراق بەگشتی ڕێژەی( گلاق ) واتا جیابونەوە ( ١٢٧٨ ) حاڵتە، هەروەها ژماری ئەو کەسانەی لە دەرەوەی دادگا بە نا یاسایی جیابونەتەوە واتا (تفرق)، ( ٣١٤٥) حاڵەتە، ئەمە جگە لەوەی کە لە دەرەوەی دادگاو لە ناو دادگا ئەم ژمارە ترسناکە بوونی هەیە، هاوکات چەند سەرچاوەیەک بڵاویان کردوەتەوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە حاڵەتەکان نەچونەتە دادگا رێژەکەش دڵخۆشکەر نییە.

هۆکارەکانی جیابونەتەوەی هاوسەرگیری پێش وەخت چەندین ڕەهەندی هەیەو خاڵی تایبەت لە خۆ دەگرێت، وەکو: نەگونجان و کەمی ئەزموون و جیاوازی تەمەن و باری داریی ئەو کەسە و نەبوونی موچە و سەرچاوەی بژێوی و کارێکی تایبەت، هەروها نەبوونی دامەزراندن دوای تەواو بوونی خویندن و خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی سوشیاڵ میدیا و دەستێوەردانی نەرێنی کەسوکاری هەردوو لا و دروستکردنی کێشەو گرفت خەسو غەزور، هەموو ئەمانە وادەکەن لەیەک حاڵی بوون و تێگەیشتن خۆشەویستی نێوان هاوسەرەکان لاواز و سستی دەکات.

بە هۆی هاوسەرگیری پێشوەختەوە چەندین کچ و کوڕ بوونە بە قوربانی دابونەریت و ژیان مردن لە دۆزەخ، سەرەتاکەشی لەوەوە دەست پێدەکات بە زۆر کچان دەدرێن بەشوو، دواتریش داوا کردنی بەردەوام بوون لەوەدۆزەخە بەبیانووی ئەوەی جیابوونەوە عەیبەیەکی کۆمەڵایەتییەو نەخوازراوە.

بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی جیابونەوە یاخود هاوسەرگیری پێشوەخت، دەبێت خێزانەکان پارێزگاری لە منداڵەکانیان بکەن و واز لە دابونەریت بهێنن، کچەکانیان نەکەنە قوربانی نەریتەکانی کۆمەڵگا و قورسی بارودۆخی ژیان. ئەرکی حکومەتیشە کە ڕیگری لە هاوسەرگیری پێشوەخت بکات و بۆ ئەوەی خێزانەکان زیاتر ڕووبەڕووی جیابونەوە و ماڵ تێکچوون نەبینەوە، راستە یاسا هەیە، بەڵام عیبرەت لە جێبەجێکردن و گرتنەبەری میکانیزمی توندترە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکە، تا دەگاتە دانانی یاسای تر و جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی، ئەوەش لە پێناو ئایندەیەکی باشتر بۆ کچان و ژنان بە تایبەتی و تەواوی کۆمەڵگە بە گشتی، هەموو ئەمانەش کاری جدیان دەوێت، کە دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبە پێشکەوتووخوازەکان شان بدەنە بەر ئەو ئەرکە و بە دوو ئاراستەدا کار بکەن: یەکەم هۆشیار کردنەوەی تاک و کۆمەڵگە، دووەمیان دروست کردنی رای گشتی و فشار خستنەسەر حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت، سەبارەت بەو پرسە هەستیارە



نازە سەعید - کرکوک

## بازرگانی ومەترسیە

# دیاردەی کارکردنی منداڵان لەشەقامەکانی کەرکوک

ئارام کریم - کرکوك

کارکردنی منداڵان لە بازاڕ و شوێنی گشتیی و شەقامەکانی کەرکوکدا، دیاردەیەکی بڵاوە. لەم ڕاپۆرتەدا هۆکارەکانی پشت کارکردنی منداڵان و کاریگەری لەسەر داهاتوویان دەخەینەڕوو، سەردانی لایەنی پەیوەندیدار و پسپۆران دەکەین و مەترسی ئەم دیاردەیە تاوتوێ دەکەین. ئایا کارکردنی منداڵان تاچەند لەگەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤدا یەك دەگرێتەوە؟ چەندین پرسی گرنگ و هەستیاری دیکە لەم ڕاپۆرتە مەیدانییەدا دەدەینە بەرباس.



چەندین باند و تۆڕ لە پشت کارکردنی ئەو منداڵانەن کە لە شەقامەکاندان

پۆلیسی کەرکوک بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی کارکردنی منداڵان هەوڵەکانیان خستوتەگەڕ و لەماوەی ڕابردوواچەندین گروپ و لایەنیان دەستگیر کردووە و بۆیان ئاشکرابووە کە چەند باندێك لە کەرکوك لە پشت کارکردنی ئەو منداڵانەن کە لەسەر شەقامەکاندان.
لەو بارەیەوە عامر شوانی، وتەبێژی پۆلیسی کەرکوک ڕایگەیاند: «هەوڵەکانمان بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵان بەردەوامە و لە ڕابردوودا چەندین گروپ و لایەنمان دەستگیر کردووە و ڕووبەڕووی دادگامانکردوونەتەوە»، وتیشی: «ئەو گرووپانە منداڵیان بۆ کارکردن و ڕاکێشانی سۆزی هاوڵاتییان بەکارهێناوە».

بەپێی جارنامەی مافەکانی منداڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ڕێگە بە کارکردنی منداڵی خوار ١٨ ساڵ نادرێت، تەنها لە هەندێك حاڵەتدا ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٤ ساڵەوەیە دەتوانن لەژێر چاودێری کەسی یەکەمی خێزاندا کار بکەن بە مەرجێك کارەکە قورس نەبێت.

خوێندن مافێکی سەرەتایی منداڵە و نابێت لێی بێبەش بکرێت

توێژەری کۆمەڵایەتی ئەو مەترسییانە دەخاتەڕوو کە ڕووبەڕووی ئەو منداڵانە دەبێتەوە کە لەسەر شەقامەکاندا کاریان پێدەکرێت.

هێمن کامیل، توێژەری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند: «ئەو منداڵانەی لە شەقامەکان و شوێنەگشتییەکاندا کار دەکەن، ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپی لەسەر داهاتوویان دروست دەبێت، بەهۆی ئەوەی دادەبڕێن لە پرۆسەی خوێندن و لە چاودێری خێزانەکانیان دوور دەبن ، جگە لەوەی ئەگەری زۆریش هەیە توشی دەستدرێژی سێکسی و ئازاری جەستەیی ببنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی درووست دەکات».

منداڵان لە بەرانبەر بڕە پارەیەکی کەمدا کاریان پێدەکرێت

ئاژانسی ئانادۆڵ بڵاویکردووەتەوە، سەدان منداڵی ئاوارە لە بازاڕە ناوخۆییەکان لە پارێزگای کەرکوك کاردەکەن و لەبەرانبەردا برەپارەیەکی زۆرکەم وەردەگرن، هەندێك لە دووکاندار و خاوەن کارگەکان ئەم لاوازییەی منداڵان لە بەرانبەر داواکردنی مافەکانیان بە فرسەت دەزانن و کارەکانیان بە منداڵان دەکەن، کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان جەختدەکەنەوە لە پاراستنی مافی منداڵان و گەنجان لە ئیستغلالکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

کەمی هۆشیاری خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵ

لە ئەنجامی گەڕان و بە دوواداچوونی مەیدانیماندا و وەرگرتنی لێدوانی منداڵەکان بۆ زانینی هۆکارەکانی پشت کارکردنیان بەو ڕێژە بەرچاوەی لە کەرکوکدا هەیە، ئەوەمان بۆدەرکەوت، زۆرێك لە خێزانەکان بە تایبەت ئەو ئاوارانەی لە شارەکەدا هەن، خۆیان منداڵەکانیان ناچار دەکەن بۆکارکردن و پێیان وایە منداڵ دەبێت هەر لە تەمەنێکی کەمەوە ئاشنایی کارکردن و ناو بازاڕبێت.

# لەعێراق

# ڕۆژانە زیاتر لە٢٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە تۆماردەکریت

هوشمەند مەحمود کاکەیی

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لەدوای ساڵ، ڕێژەکە زیاتر دەکات و دیاردەکە بەرفراوانتر دەبێت.**

هەڵکشان و بەرزبوونەوەی ژمارەی تەڵاق بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر کۆمەڵگەی عێراقی،تەڵاق وەک هەموو دەزانین واتە جیابوونەوەی هاوسەرەکان، کە وازهێنان لە ژیانی هاوبەش، هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوەی خێزانەکان زۆرن و جیاوازن لە یەکتر هاوسەرگیری پێشوەختە، خراپی دۆخی ئابووری، توندووتیژی خێزانی، لەسەرەکیترین هۆکارەکانن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونە وە لە عێراق.

مەسعود خورشید پارێزەر لە دادگای کەرکوک دەڵیت : ڕۆژانە بەردەم دادگەکان جمەیان دێت، جانتاکانمان پڕە لە حاڵەتی جیابوونەوەی سەیر و سەمەرەی، تێیاندایە لەسەر یەک لایک یاخود لەسەر یەک کۆمێنت لە هاوژینەکەی خۆی جیابووەتەوە. ئەو پارێزەرە دەڵێت بە بۆچوونی من زۆرێک لە هۆکارەکانی ئێستای جیابوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی کەسی هەڵە و کاتی هەڵە بۆ هاوسەرگیری.“

خورشید ؛ئاماژە بەوە دەکات بەداخەوە ئەمڕۆ گەنجان بەبێ هۆشیاری جددی هاوسەرگیری دەکەن. دوا شت کە گەنجەکانمان لە ژیانی هاوسەرگیریدا بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە کە ئایا دەتوانن ئەم بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن یان نا.“

ئەو پارێزەرە باسی لەوە کرد ئەو کەیسانەی لە ئێستادا لە سەروبەندی جیابوونەوەدان زۆربەیان بەهۆی، قەیرانی ئابوورییەوە، چونکە تا قەیرانی ئابووریی زیاتر بێت کاریگەری لەسەر داهاتی خێزان دەبێت و ئەگەرەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان زیاتر دەبێت، هەروەها خیانەتی هاوسەری بەتایبەت لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەرفەتی هەڵخەڵەتاندن و فێڵێکردن و خیانەتپێکردن زیاتر دەکات.

دەریا موراد توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت؛ ساردی پەیوەندی نێوان هاوسەرەکاندا تەکنەلۆژیایە ،هاوسەرەکانی لە یەک ماڵدا پێیان باشترە کات لە سۆشیال میدیا بەسەر بەرن نەوەک لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن.

ئەم توێژەرە ئاماژە بەوە دەکات ڕێژەی تەڵاق بەداخەوە کە دەبینین ڕۆژانە لە هەڵکشاندایە، پێویستە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، هەتا زووە لێکۆڵینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەبکرێت و ڕێگەچارەی گونجاو و ئەقڵانی بگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوە

شارەزایان جەخت لەوەش دەکەنەوە، ئەمە کارەساتە بۆ جێگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، لە داهاتوودا هەزاران خێزان لەیەکتر جیادەبنەوە و منداڵان باجی ئەم هەڵوەشاندنەوە خێزانییە دەدەن.

میدیا جەلال جالاکوانی بواری ژنان: تەڵاق بە ئاشتیانە و باشترین چارەسەر دادەنرێت بۆ زۆرێک لە هاوسەرگیریيە ناجێگیرەکان، بەڵام لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا مەترسییەکەی لەسەر کاردانەوەی لایەنەکان و کاریگەرییەکانیانە. زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە دەبنە هۆی دوژمنایەتی و ناکۆکی لەنێوان خێزانەکانی ئەو دوو هاوسەرەدا کە کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە. نەبوونی سەربەخۆیی دارایی بۆ زۆرێک لە ژنان لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا کە دوای جیابوونەوە بوونی منداڵان، کە گەورەترین قوربانین، و ئەو کاریگەرییانەی کە دەکەونە سەریان پێویستیان بە توێژینەوە و ڕاپۆرتێکی دیکە هەیە بەهۆی قووڵی و جددییەوە.
بە ڕای من کێشەکە لە تەڵاقدا نییە هێندەی دوای تەڵاقە.
بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەسەر ماڵپەڕی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ٧٣ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە ساڵی ٢٠٢١ لە عێراق تۆمارکراوە،

ولە ساڵی ٢٠٢٢ دا لە سەرتاسەری عێراق ٧٠ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کرا. ولە ساڵی ٢٠٢٣ دا، نزیکەی ٧٠ هەزار جیابوونەوە بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە هاوسەرگیری پێشوەختە و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ئەو دوو هاوسەرە تووشی بوون، هەر بەپێی سەرژمێرییەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی، ڕێژەی جیابوونەوە لە هەڵکشاندایە. ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠ حاڵەت تۆمار دەکردوە، لە مانگی کانونی دووەم ئەم ساڵ ٢٠٢٤ ( ٧ هەزار و ٤٥٣ ) حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران لە پارێزگاکانی عیراق تۆمار کراون جگە لە هەرێمی کوردستان

## مر من أمام عدسته رؤساء ووزراء وفقراء...

# مصور كركوك الأقدم «عين وثقت ذكريات المدينة»



**في متجره الذي ورثه عن أبيه خلف دائرة المحاكم القديمة وسط كركوك، بدأ والده العمل في مهنة التصوير في عام ١٩٥٦ وهو بعمر ١٥ عاما عشق مهنة التصوير وارتبط اسمه بالصورة وجال المدينة يوثق ذكرياتها وينقل تاريخها مطوبعاً في برواز.**

حيث يمثل المصور فضلي نامق حسين، في كركوك، ذاكرة سنوات طوال حين مر من أمام عدسته رؤساء ووزراء وفقراء وذوي دخل محدود، ووثق الفرح والحزن التقلبات والأحداث عبر لقطات كاميرته التي لا تعرف سوى نقل الحدث وتحويله إلى لقطة تذكارية تعلق على الجدران.

### أقدم مصور في كركوك

ولد فضلي نامق حسين في مدينة كركوك عام ١٩٤١، وعشق التصوير والكاميرا دخل هذا المجال بعمر ١٥ عاماً، وتحديدا عام ١٩٥٦ وعمل في التصوير انا ذاك يوثق ويصور رؤساء ووزراء وفنانين يمثلون تاريخ كركوك، لعل ابرزهم الفنانة التركمانية هابة، وغيرها ممن مر من أمام عدسته كل شيء يعتبر تاريخ مدينة كركوك لا تفرق كاميرته بين كوردي وعربي وتركماني ومسيحي وحتى يهود المدينة، الجميع أمام عدسة الكامير واحد، فهي لا تعرف سوى نقل الحقيقة ونقل الصورة لمن أراد.

ويقول نجل المصور فضلي وخليفته في التصوير عباس فضلي، لوكالة شفق نيوز، إن «والدي يعتبر واحد من أقدم مصوري محافظة كركوك وعمل في التصوير منذ نعومة أظفاره ووثق آلاف الصور التي تعبر عن تاريخ مدينة كركوك وحضارتها وكان التصوير قديما يطلق عليه التصوير الشمسي،ويعدُ التصوير الشمسي (البورتريت) من المهن الشعبية الجميلة التي كان لها في مدينة كركوك منذ فترة العشرينيات إلى أواخر الثمانينات حضور واسع فهذه الصنعة الفنية التقليدية لم تعد موجودة بل اصبحت جزء من تاريخ العراق القديم وكركوك حيث ان التصوير مرتبط على التواصل ومواكبة التطور والتقدم الكبير الذي حصل في تكنولوجيا الفوتوغراف وعالم الكاميرات المثير والمدهش في تقنياته وأساليبه العلمية والفنية، فكاميرا التصوير الشمسي البدائية الصنع والأداء أصبحت لقدمها وانتفاء الحاجة إلى إستخدامها شيئاً من التراث الشعبي. تستخدم للتصوير الشخصي النصفي بالأبيض والأسود فقط وسمي تصويرها بالشمسي لإعتمادها في الإضاءة على الشمس فبدون الشمس لا تظهر الصورة».

### تاريخ التصوير الفوتوغرافي

ويشير إلى أنه «ليس ثمة من يستطيع ان يحدد تاريخاً واضحاً لنشأة التصوير الفوتوغرافي في العراق، ولكن مما لا يمكن تجاهله أن مؤرخي هذا اللون من ألوان الفن والثقافة، يؤكدون بأن البواكير الاولى لدخول التصوير الفوتوغرافي في العراق ترجع إلى أواخر القرن التاسع عشر، وفي الموصل تحديداً، وقد ورد في الدليل الرسمي العراقي لسنة ١٩٣٦ الذي وضعه الياهو دنكور ومحمود فهمي درويش وطبع ببغداد سنة ١٩٣٧، ما يفيد ان صناعة التصوير اقتصرت في العهد العثماني على جماعة في بغداد، وفي زمن الاحتلال البريطاني ١٩١٤ ـ١٩١٨، امتدت صناعته الى المدن العراقية المهمة كالبصرة والعمارة وكربلاء وكركوك والموصل».

ويضيف أن «التصوير الشمسي كان لسنوات يتسيد المهنة وحتى بداية الثمانينات حيث دخلت الكاميرا ذات الفلم المدولب وصار تحول كبير في عملية التصوير وطبع الصور، وكذلك دخلت الكاميرا الفورية التي تصور اللقطة بسرعة وتسسيدت الكاميرا لسنوات طوال عالم التصوير حيث كان استديو والدي اسفل بناية المحاكم القديمة في شارع المحاكم في المقابلة للمصرف العقاري بقي فيها لأكثر من ٥٠ عاماً».

ويوضح عباس، أن «التصوير مهنة فنية وجمالية وكان والدي واحد من اقدم مصوري محافظة كركوك وارتبط اسمه بتاريخ كركوك وجميع اهالي كركوك يعرفون فضلي ولا يمكن لعائلة لم تمر من أمام عدسة المصور فضلي في كركوك».

### كاميرات الديجتال

ويشير نجل المصور فضلي أن «التحول من الكاميرات القديمة ذات الافلام المتحركة الى الديجتال يعتبر نقلة نوعية في عالم التصوير وتقنياته حيث أصبحت الصورة ذات دقة ووضوح أكثر وتنوعت الكاميرات الرقمية ذات السعة الخزنية الكبيرة وتحولنا الى التصوير الحديث بالكاميرات الرقمية ونقوم بطبع الصور وفق تقنية الحاسوب».

ويتابع أن «تقنية التصوير عالم خاص، والعشق بين الكاميرا والمصور حب يعرفه فقط المصور، ونحن ورثنا المهنة عن أبي وكذلك ورثنا عشق المهنة من خلاله، ونكمل المسيرة من بعده، ونصور كركوك وتاريخها وكل ما يمر أمامها، فهي تنقل الحدث والصورة كما هي».

وأكد أن «التقنيات الان صارت متطورة ويمكن لك طبع اي صورة وفق القياسات وابراز جمالها وما تريه يمكن عمله وفق التقنيات الحديثة وهذا الأمر ساعد المصور في عمله كثيرا».

ويقول أحد أصحاب متاجر التصوير في كركوك ويدعى عبدالله حسن، لوكالة شفق نيوز، إن «مصور فضلي يمثل جزء من تاريخ مهنة التصوير وجميع اهالي كركوك يعرفون ووثق لهم صورتهم في كل ما تمثله الصورة من حالة فرح أو حزن أو صورة عادية فهم تاريخ كركوك واسمه مرتبط بها ويعتبر واحد من أقدم مصوري كركوك».

**من شفق نيوز**



# ژنانی کەرکوک دوچاری گێچەڵی ئەلکترۆنی دەبنەوە

**گەشاو خالید**

گێچەڵـی ئەلیکترۆنـی لـە سـەرجەم پلاتفۆڕمـەکان خەریکـە لـە حاڵەتـەوە دەبێـت بـە دیـاردە، بەپێـی بەدواداچونەکانـی چالاکـوان و ڕێکخراوەکانـی داکۆکیـکار لەمافەکانـی ژنـان ، زۆربـەی ئـەو کەسـانەی ڕۆژانـە ڕووبەڕوی گوشـار دەبنـەوەو پەنا بـۆ تۆمارکردنی سـکاڵا دەبـەن لەڕێکخـراوەکان ،بەهـۆی کێشـەی گێچەڵـی ئەلکترۆنیەوەیە،زۆرێـک لەژنانـی قوربانـی ئـەو حاڵەتانـە بەهـۆی داخـراوی ئـەو کۆمەڵگەیـەی تێیـدان ناچـار دەبنـە قوربانیـی.

شـەیما ناوێکـی خوازراوە،کـە خانمێکـی تەمـەن ٢٦ سـاڵانی پـڕ لـە ویقـاڕ و جوانییەکـی تایبەتە،شـەیما کـە هاوسـەرگیری کـردووەو خاوەنـی منداڵێکی تەمەن٢ساڵانە گیـرۆدەی کێشـەیەکە هۆکارەکـەی گێچەڵـی ئەلیکترۆنییە،شـەیما کـە نەیدەویسـت نـاوی راسـتەقینەی و روخسـاری دەربکـەوێ ،ویسـتی ئـەوەی هەبـوو چیرۆکـی تێوەگلانـی بگێڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە وانەیـەک بـۆ کـچ و ژنانـی دیکـەی کۆمەڵگەکـەی،

شـەیما گووتی"کێشـەکەی لەوکاتـەوە دەسـتی پێکـرد کاتێـک ئێوارەیەکـی نزیـک لـە خـۆر ئاوابـوون زەنگـی موبایلەکـەی بەئـاگای هێنـا و بینـی نامەیەکـی لەماسـنجەرەوە بـۆ هاتـووە و نوسراوە"سـڵاو تـۆ کەسـێکی زۆرباشـی و مـن دەتناسـم و دەمەوێـت ببیـن بـە هـاوڕێ؟
شـەیما گوتی"کەسـایەتیی ئەو لەوجۆرە مرۆڤانەیە حـەز بـە ناسـینی خەڵـکی بـاش دەکات و دڵێکـی گـەورەی هەیـە بۆ هـاوکاری و دۆسـتایەتی مرۆڤی باش،بۆیـە پێـی وابووە"هەرچـی لەنامەکەدایـە راسـتی ناخـی کەسـەکەیە)

ئیـدی لـە پـاش وەڵامدانـەوەی ئـەو سـڵاوە، وەڵام و وەڵامـکاری دروسـت بـوو، بەتێپەڕبوونـی کات کەوتینـە نێـو دنیـای هاوڕێیەتـی ، بەجۆرێـک سـۆز و خۆشەویسـتی لەنێوانمـان دروسـت بـوو ، وای لێهـات ڕۆژانـە قسـەمان دەکـرد و بـەردەوام لـە پەیوەندیدابویـن ،دۆخـی تایبەتـی ژیانـی مـن وای لێکـردم، هەنـدێ کات پێویسـتم پێـی هەبـوو پـرس و رای لەگـەڵ بکـەم و پەیوەسـت بووبـووم پێـوەی ، پـاش ماوەیـەک قسـەکردن متمانەیەکـی زۆرم پێـی هەبوو،ئـەو متمانەیـە بـەس بوو،تـا کۆنتـڕۆڵ لەدەسـت بدەم،ڕۆژێـک داوای وێنـەی تایبەتـی لێکـردم .. بـەو پێیـەی کـە مـن متمانـەی زۆرم پێـی هەبـوو ، بەبـێ تـرس و دوو دڵـی هـەر زوو چەنـد وێنەیەکـی تایبـەت و جیـاوازم بۆینـارد.

شـەیما گوتی"لەگـەڵ ناردنـی وێنـەکان خورپەیـەک دڵـی راچڵەکاندم،بـەڵام دڵپاکـی خـۆم و بوونـی ئـەو متمانەیـەی نێوانمـان تاڕادەیـەک نەمدەویسـت دوو دڵـم بکات،کەچـی دوای ناردنـی وێنـەکان ، بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک کوڕەکە نـە دەنگـی هەبوو،نە کۆمێنتـی لەسـەر وێنەکانمدا،کێشـەکە لێـرەوە دەسـتی پێکـرد "پـاش ئـەو چەنـد رۆژە، شـەوێکی درەنـگ وەخـت نامەیەکـم بـۆ هـات لـەو کوڕەوە،تێیـدا نوسرابوو"ئەگـەر بـڕی ٥ ملیـۆن دینـارم پێنەدەی ، سـەرجەم ئـەو وێنانـەی بـۆ منـت ناردوون بڵاویـان دەکەمـەوەو ئابـروت دەبـەم!

شـەیما بـەردەوام بـوو لـە باسـکردنی چیرۆکەکـەو گووتی"ئێمـە خێزانێکـی هەژاربوویـن و توانـای داراییـمان سـنورداربوو ، نەمدەتوانـی ئـەو بـڕە پارەیـە بـدەم، لـەرووی دەروونییـەوە کەوتمـە گێژاوێکـی قـوڵ و زەحمەتەوە،هەمـوو دەرگاکانـم بـەرووددا داخران،نـە دەمتوانـی پەنـا بـۆ هاوسـەرەکەم ببـەم و نـە خـزم و دۆسـتانی خـۆم،وە نـە ئـەو متمانەیـەم بـە کەسـێکی دیکـە هەبـوو تـا هـاوکارم بێـت لەچارەسـەری کێشـەکە،بۆیە بەناچـاری بـە نهێنـی هاوسـەرەکەمەوە پەنـام بـۆ ڕێکخراوەکانـی مافـی ژنـان بـرد ،هاتـم سـکاڵام لە سـەر ئـەو حاڵەتە تۆمارکرد،بەسوپاسـەوە بـەر لەوەی کار لـەکار بـترازێ و بـە ئەمانەتـەوە ڕێکخـراوەکان هـاوکارم بـوون هەم لـەوەی توانـدرا تۆمەتبارەکـە کـە کـوڕە فێڵبازێـک بـوو لەلایـەن پۆلیسـەوە دەسـتگیرکرا و هـەم کەسـایەتیم بـۆ گەڕێندرایـەوە.


بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق ، سـاڵی ٢٠٢١ لـە تەواوی عێراقـدا ٢٠٠٠ هـەزار حاڵەتـی گێچەڵـی ئەلیکترۆنـی تۆمارکـراون ، بـەڵام لـە سـاڵی ٢٠٢٣ ڕێژەکـە بەرزبۆتـەوە بـۆ ٣٠٠٠ هـەزار حاڵـەت، بەپێـی هەڵسـەنگاندنی ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە ژنـان زیادبوونـی حاڵەتـەکان مەترسـیەکی گـەورەن بـۆ داهاتـوی بـە کارهێنانـی سـۆشیال میدیـا لەلایـەک و دۆخـی ژنـان لەکۆمەڵگـەی عێراقـی لەلایەکـی دیکەوە،هەندێـک لەڕێکخـراوەکان زۆربـەی دۆسـێکانیان ڕۆژانـە پەیوەسـتن بـە چارەسـەری قوربانیانـی گێچەڵی ئەلیکترۆنیـەوە

سرود ئەحمـەد ، بەرپرسـی ریکخـراوی هیـوای عێراقـی (جمعیـە الامـل العراقیـە) لەکەرکـوک رایگەیانـد" بەشـی هـەرە زۆری ئـەو ئافرەتانـەی دێنـە لامـان رووبـەڕووی گێچەڵـی ئەلکترۆنـی بوونەتەوە،بەشـێک لەکەیسـەکان قوربانـی ژنانـی بەدواوەبـووەو بەشـێکی دیکەشـی زوو بەهایـەوە چوویـن و چارەسـەرمان کردوون ، گوتیشـی"گێچەڵی ئەلیکترۆنـی ئێسـتا خەریکـە لـە حاڵەتـەوە دەبێتـە دیـاردە و زۆر بەربـڵاوە،

ئـەو بەرپرسـەی ڕێکخـراوی هیـوای عیراقـی کـە تایبەتمەنـدن بـە دۆخـی ژنـان و منـداڵان دەڵێـت" بـە پێـی ئـەو بەدواداچونـەی کردویانـە ،لـە دوو سـاڵی رابـردوو حاڵەتەکانـی جیابوونـەوەی هاوسـەرگیری بەشـێکیان پەیوەسـتن بـە دوو هـۆکاری سـەرەکی - خیانەتـی ژن لـە پیـاو یاخـود پێچەوانەکـەی. ... و گێچەڵـی ئەلیکترۆنـی کاتێـک کـە تووشـی یەکێـک لـە ئەندامانـی خیزانەکـە دەبێـت،و دەچێتـە ژێـر رکێفـی هەڕەشـەکەوە بـە ناچـاری بـۆ ئـەوەی ئابـڕوی نەچێـت ، لـە هاوسـەرەکەی یاخـود بـە پێچەوانەوە جیـا دەبنـەوە.

گێچەڵـی ئەلیکترۆنـی سـەبارەت بـە هەڕەشـەکانی سـەر ژیانـی خێـزان لەکۆمەڵگـەو دۆخـی تـاک ،هاوتەریـن لەگـەڵ پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان و زیاتـر ئالودەبوونـی تـاک بـە سۆشـیال میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان،کـە بەرۆکـی ژنـان و کچانـی گرتـووە و بەهۆیـەوە گێچەڵـکاران هەڕەشـەیەکی گـەورەن بـۆ سـەربەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان، وە هەندێکیـان بـە مەبەسـتی بـە دەسـتهێنانی بڕێـک پـارە ئـەو کارە دەکـەن، هەندێکـی دیکەشـیان لەبەرامبـەر حـەز و ئازارە خودییەکانیـان بـۆ خـۆ بەتاڵکردنـەوە هەڕەشـە دەکـەن.

بەپێـی زانیـاری دەزگا ئەمنییـەکان تەنیـا لـە مـاوەی مانگـی ڕابـردوو، چـوار حاڵەتـی گێچەڵـی ئەلکترۆنـی لەلایـەن وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق ئاشـکرا کراون،تۆمەتبارانیـش دەسـتگیرکراون ، بـە پێـی گوتـەی چالاککوانانـی ڕێکخراوەکانـی داکۆکیـکار لـە مافـی ژنـان، دەیـان حاڵەتـی دیکـەی هاوشـێوە هـەن بـەڵام بـە هـۆکاری تـرس و ئابڕونەچـوون تائێسـتا سـکاڵا تۆمـار ناکـەن و نەتوانـدراوە چارەسـەربکرێن،ژنانیش کـە قوربانـی یەکەمـی ئـەو دیاردەیـەن بەتـرس و دوو دڵییەکـی زۆرەوە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی بـەکار دەهێنن،یـان ناچـارن بەنـاو و وێنـەی خـوازراو ئەکاونـت دروسـت بکـەن



# نشاطات منظمة السلام والحرية في كركوك ضمن مشروع جسرا

## منح جسرا التشاركية في كركوك



بتاريخ ١٨ آب ٢٠٢٤ وضمن فعاليات منح جسرا التشاركية نفذت منظمة السلام والحرية ورشة عمل في محافظة كركوك مع منظمات مجتمعية تعمل في مجال بناء السلام وتعزيز السلم المجتمعي.

تخلل الورشة تحليل للسياق الحالي في المحافظة ومناقشة جملة من الأفكار والاليات اللي سوف تترجم فيما بعد الى مشاريع وانشطة تنفذها المنظمات الشريكة فب المحافظة.

## پرۆژەی جیسرا لە کەرکوک

لە ١٨ ی ئابی ٢٠٢٤ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە پارێزگای کەرکوک وۆرکشۆپێکی لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدا کە لە بواری بنیاتنانی ئاشتی و بەرەوپێشبردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن.

لە وەرکشۆپەکەدا، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای پارێزگاکە و باسکردنی کۆمەڵێک بیر و ڕێکار کە دواتر بۆ پرۆژە و چالاکیەکان وەرگێڕدرێن کە لەلایەن ڕێکخراوە هاوبەشەکان لە پارێزگاکەدا جێبەجێ دەکرێن.

## JISRA Participatory Grants in Kirkuk

On August ١٨, ٢٠٢٤, as part of JISRA Participatory Grants activities, Peace and Freedom Organization implemented a workshop in Kirkuk Governorate with community organizations (CBOs) working in the field of peacebuilding and promoting community peace.

The workshop included an analysis of the current context in the governorate and a discussion of a set of ideas and mechanisms that will later be translated into projects and activities implemented by partner organizations in the governorate.




## Participation of the managers of the JISRA project from Peace and Freedom Organization in the meeting of the advisory body concerned with peaceful coexistence

Within the implementation of the JISRA project in partnership with the Search for Common Ground Organization and MM, The managers of two projects (Kirkuk Governorate - Sheikhan District) participated to discussed what has been accomplished during the previous period, and what will be accomplished during the coming months until the end of ٢٠٢٤, and the challenges that the organizations faced in implementing their programs and how to face these challenges and how to design programs and a work map to be consistent with the goals that the project seeks to achieve and recommendations that are taken into consideration in order to implement a project that meets the needs of different regions. Towards peaceful coexistence.

## مشاركة مدراء مشروع جسرا في منظمة السلام والحرية في اجتماع الهيئة الاستشارية التي تخص التعايش السلمي

ضمن تنفيذ مشروع جسرا بالشراكة مع منظمة البحث عن الأرضية المشتركة و شارك مدراء مشروعين ( محافظة كركوك -قضاء الشيخان) لمناقشة ما تم إنجازه خلال الفترات ثلاث اشهر السابقة، وما سيتم إنجازه خلال ثلاث اشهر القادمة، وتحديات التي واجهت المنظمات في تنفيذ برامجها وكيفية مواجهة هذه التحديات وكيفية تصميم البرامج وخارطة العمل ليتلاءم مع الأهداف التي تسعى المشروع تحقيقها وتوصيات التي يؤخد بالنظر الاعتبار لأجل تنفيذ مشروع تلبي احتياجات مناطق مختلفة نحو التعايش السلمي.

## بەشداری بەڕێوەبەرانی پرۆژەی جیسرە لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە کۆبونەوەی دەستەی ڕاوێژکاری پەیوەست بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەی پرد بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی گەڕان بەدوای زەمینەی هاوبەش و MM، بەڕێوەبەری دوو پرۆژەی (پارێزگاری کەرکوک- قەزای شێخان) بەشداریان کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی ئەو چالاکیانەی لە ماوەی ڕابردوو ئەنجامدرا، وە پلان دانان بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان تا کۆتای ساڵی ٢٠٢٤، ئەو تەحەددایانەی کە ڕوبەڕویی ڕێکخراوەکان بوونەتەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان، چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددایانە و چۆنیەتی دیزاینکردنی بەرنامەکان و نەخشەی کارکردن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئامانجانی و دەستکەوتەکانی و پێشنیارەکانی پرۆژەکە بگونجێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەیەک کە پێداویستییەکانی ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. بەرەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

## تعزيز التعايش بين الأديان في كركوك

قامت منظمة السلام و الحرية بتأريخ 2024/08/10 بعقد الجلسة النقاشية الطاولة المستديرة ضمن مشروع جسرا للصحفيين واعضاء المجتمع في كركوك حول اليات تعزيز التعايش بين اتباع الأديان.

عقدت الجلسة بمشاركة حوالي عشرين شخصا من كلا الجنسين و من ممثلي واعضاء منظمات المجتمع المدني و المؤسسات الاعلامية لمختلف المكونات في كركوك القومية والدينية والمذهبية.

تضمنت الجلسة ثلاثة محاور اساسية تمثلت بمعرفة واقع التعايش بين الاديان في كركوك و مكانة قضايا التعايش في التغطية الاعلامية و القضايا ذات الاهتمام التي يتطلب تغطيتها والاهتمام بها ومن ثم اهمية استمرار مشروع جسرا.

## بەهێزترکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئایینەکان لە کەرکوک

ڕۆژی ٢٠٢٤/٨/١٠ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی دانیشتنێکی گفتوگۆ ئامێزی لە چوارچێوەی پرۆژەی جیسرا بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک لەسەر میکانیزمەکانی پێشخستنی پێکەوەژیانی نێوان پەیڕەوانی ئایینەکان بەڕێوەبرد.

دانیشتنەکە بە بەشداری نزیکەی٢٠ کەس بەڕێوەچو لە هەردو ڕەگەز، نوێنەر و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە میدیاییەکان لە پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوکنیشتیمانی، ئایینی.

دانیشتنەکە سێ میحوەری سەرەکی لەخۆگرتبوو: زانینی واقیعی پێکەوە ژیانی نێوان ئایینەکان لە کەرکوک، شوێنی پرسەکانی پێکەوەژیان لە ڕووماڵکردنی میدیایی، و ئەو پرسە نیگەرانکەرانەی کە پێویستیان بە ڕووماڵکردن و سەرنجدان هەیە و پاشان گرنگی بەردەوامبونی پرۆژەی جیسرا.

# نشاطات منظمة السلام والحرية في كركوك ضمن مشروع جسرا

## PEACEFUL COEXISTENCE WORKSHOP IN IRAQ

On Jun ٢٠٢٤ , ٢٢ - ٢١ , the Peace and Freedom Organization organized a two days workshop in Erbil on peaceful coexistence in Iraq, with the participation of academic civil activists and religious leaders from different religion and ethnic groups in Iraq.



The workshop aimed to present and discuss the most important challenges facing peaceful coexistence and freedom of religion and belief in Iraq, and to come up with effective solutions and recommendations for the next stage,additionally the workshop outputs will be utilized for the development of the UPR report.

Peace and freedom organizations have conducted this activity with JISRA project in partnership with the search for common ground organization.

## ورشة عمل حول التعايش السلمي في العراق

بتاريخ ٢١-٢٢ حزيران ٢٠٢٤ نظمت منظمة السلام و الحرية ورشة عمل في #اربيل حول التعايش السلمي في العراق و بمشاركة مجموعة من الأكاديميين و الناشطين و رجال دين من مختلف الديانات و الطوائف في العراق.




الهدف من الورشة هي طرح و مناقشة اهم التحديات التي تواجه التعايش السلمي و حرية الدين و المعتقد في العراق و ايضا الخروج بحلول و توصيات فعالة من اجل تحسين #التعايش_السلمي و حرية الدين و المعتقد و ايضا المساهمة في كتابة تقرير الاستعراض الدوري الشامل بخصوص موضوع الورشة.

يتم تنفيذ هذا النشاط من قبل منظمة السلام و الحرية ضمن مشروع #جسرا بالشراكة مع منظمة البحث عن ارضية مشتركة.

## Promoting interfaith coexistence in Kirkuk

On ٢٠٢٤/١٠/٠٨, Peace and Freedom Organization held a discussion session/roundtable within the JISRA project for journalists and community members in Kirkuk on mechanisms to enhance coexistence between followers of religions. The session was held with the participation of about twenty people of both sexes and representatives and members of civil society organizations and media institutions of various components in Kirkuk / national, religious and sectarian. The session included three main axes represented by knowing the reality of coexistence between religions in Kirkuk and the status of coexistence issues in media coverage and issues of interest that require coverage and attention, and then the importance of continuing the JISRA project.










## WORKSHOP FOR WOMEN IN KIRKUK

On ٢٩th of July ٢٠٢٤m workshop conducted on women, equality, safety and security in Kikrkuk within JISRA project.

the activity was about to discuss the issues and challenges related to women in Kirkuk and how we link women with freedom of believes and religion and plan for activities and advocacy initiatives that led by women and girls in upcoming period.









## وۆرکشۆپێکی تایبەت بە ژنان لەکەرکوک

ڕۆژی ٢٩ی تەممووزی ٢٠٢٤ وۆرکشۆپێکی تایبەت بە ژنان و یەکسانی و سەلامەتی و ئاسایشی لە چوارچێوەی پرۆژەی جیسرا لە کەرکوک ئەنجامدرا.

چالاکیەکە تاوتوێی ئەو پرس و تەحەددایانەی پەیوەستن بە ژنان لە کەرکوکدا و چۆنێتی بەستنەوەی ژنان بە ئازادی باوەڕ و ئایین و پلان بۆ چالاکییەکان و دەستپێشخەرییەکانی داکۆکیکردن کە لەلایەن ژنان و کچانەوە لە قۆناغی داهاتوودا سەرکردایەتی دەکرێن.

## ورشة عمل للنساء في كركوك

في ٢٩ تموز ٢٠٢٤ أقيمت ورشة عمل حول المرأة والمساواة والسلامة والأمن في كركوك ضمن مشروع جسرا.

وكان النشاط حول مناقشة القضايا والتحديات المتعلقة بالمرأة في كركوك وكيف ربط المرأة بحرية المعتقد والدين والتخطيط للأنشطة ومبادرات المناصرة التي تقودها النساء والفتيات في الفترات القادمة.

# نشاطات منظمة السلام والحرية في كركوك...

## جلسة حول تعزيز آليات حرية الدين والعقيدة في كركوك

قامت منظمة السلام و الحرية بتأريخ ٢٠٢٤/٠٧/١٣ بعقد الجلسة النقاشية الطاولة المستديرة ضمن مشروع جسرا للأصحاب المصالح واعضاء المجتمع في كركوك حول اليات تعزيز التعايش بين اتباع الأديان.

عقدت الجلسة بمشاركة حوالي عشرين شخصا من كلا الجنسين و من ممثلي واعضاء المؤسسات المختلفة و ممثلين عن القوميات والأديان والمذاهب و المؤسسات الحكومية في كركوك .

تضمنت الجلسة ثلاثة محاور اساسية تمثلت بمعرفة واقع التعايش بين الاديان في كركوك و مكانة قضايا التعايش في التغطية الاعلامية و العمل علي التواصل مع الأصحاب المصالح ذات تأثير بكركوك.

## دانیشتنی تایبەت بە بەهێزکردنی میکانیزمەکان بۆ ئازادی ئایین و باوەڕ لە کەرکوک

ڕۆژی ٢٠٢٤/١٣/٠٧ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی دانیشتنێکی گفتوگۆی مێزگردی لە چوارچێوەی پرۆژەی جیسرە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەندامانی پێکهاتەکان لە کەرکوک سەبارەت بە میکانیزمەکانی بەرەوپێشبردنی پێکەوەژیان لەنێوان پەیڕەوانی ئایینەکان ئەنجامدا.

دانیشتنەکە بە بەشداری نزیکەی بیست کەس لە هەردوو ڕەگەز و نوێنەر و ئەندامانی دامودەزگا جۆراوجۆرەکان و نوێنەری نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و دامودەزگا حکومییەکان لە کەرکوک بەڕێوەچوو.

دانیشتنەکە سێ میحوەری بنەڕەتی لەخۆگرتبوو: زانینی واقیعی پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان لە کەرکوک، دۆخی پرسەکانی پێکەوەژیان لە ڕووماڵی میدیایی و کارکردن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کە کاریگەرییان هەیە لە کەرکوک.

## SESSION ON ENHANCING MECHANISMS FOR FREEDOM OF RELIGION AND BELIEF IN THE KIRKUK/JISRA PROJECT

On ٢٠٢٤/١٣/٠٧, the Peace and Freedom Organization held a discussion session within the framework of the Jasra Project for stakeholders and community members in Kirkuk on mechanisms for enhancing coexistence between followers of religions.



The meeting was attended by about ٢٠ people of both genders, representatives and members of various institutions, representatives of ethnicities, religions, and government institutions in Kirkuk.



The meeting included three main axes: knowing the reality of coexistence between religions in Kirkuk, the status of coexistence issues in media coverage, and working to deal with influential parties in Kirkuk. media institutions of various components in Kirkuk / national, religious and sectarian. The session included three main axes represented by knowing the reality of coexistence between religions in Kirkuk and the status of coexistence issues in media coverage and issues of interest that require coverage and attention, and then the importance of continuing the JISRA project.

# قاموس كركوكي

## لنتواصل ...

| اللغة العربية | اللغة الكردية | اللغة السريانية | اللغةالتركمانية |
|---|---|---|---|
| النزاع | ململانێ | حريانا | انشمالغ |
| الامل | هیوا | سورا | اومت |
| انا كركوي | کەرکوکیکم | كركوكنايا انا | مان كاركوكليام |
| الحياة | ژیان | خيي | حيات |
| العائلة | خێزان | بيثوثا | عائلم |
| المنظمة | ڕێکخراو | مطكستا | درناك |
| العمل التطوعي | کاری خۆبەخشی | بلخانا ميثقرانا | كيولدان جالشماغ |
| المتطوع | خۆبەخش | مثقروانا | كونل |
| المستفيد | سوودمەند | ميثرا | يارلانجى |
| الوساطة | نێوەندگیری | مصعايوثا | اربولوجولغ |
| المفاوضات | دانوستان | مستاودانوثا | كورشمالر |
| التربية | پەروەردە | تربيثا | ايتم |
| التوعية | هۆشیارکردنەوە | ادشانوثا | فارقندلغ |
| الحملة | هەڵمەت | شقلة | كمبانيه |
| المدافعة | داكۆكی | مسترانوثا | ساولما |
| التخطيط | پلان دانان | صوراتا | بلان |
| العمل الجماعي | کاری بەکۆمەڵ | بلخانا كنشايا | بيرلغتا جالشماغ |
| الشراكة | هاوبەشی | شريكوثا | اورتالغلغ |
| الرؤية | روانین | خزيثة | كورش |
| الرسالة | پەیام | اكرتا | مكتوب |
| النظام الداخلي | پەیڕەوی ناوخۆ | طكسا كاوايا | داخلي سستامى |
| التقرير | راپۆرت | تشرانا | ربوت |
| المستقبل | ئاینده | دعتيذ | كالجاك |
| القائد | سەرکردە | باقودة | لشقان |
| القيادة | سەرکردایەتی | باقودوثا | بشقنالغ |
| اليوم | ئەمڕۆ | اديو | به كون |
| غدا | سبەی | قادومي | يارن |
| الدين | ئاین | تاوديثا | دين |
| دائما | هەمیشە | ئاميناثيث | هه رزمان |
| المدرسة | قوتابخانه | مدرشتا | مكتاب |
| العمل | کار | شولا | ئيش |
| بعض الاحيان | هەندێك جار | خاكما كاهاثا | به عز كرا |
| ربما | لەوانەیە | مقوما | بلكى |
| المكتبة | کتێبخانه | بيث اركيه | كتابخانه |
| احبك | خۆشم دەوێی | كيبنوخ | سيروم سانى |





# مجلة كركوكي

مجلة اجتماعية فصلية الكترونية, مهتمة بتعزيز التماسك المجتمعي

عدد (3)

2024/8/22